خوێندنەوەیەک بە بزووتنەوەی شانەی کرێکاران لە عێراق (١٩٧٠ – ١٩٨٥).. ئامادەکردن و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)

زەمینەی سەرهەڵدانی شانەی کرێکاران لە عێراق

عێراق وەک وڵاتێکی تازە دروستبوو، هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەوە شەوازی بەرهەمهێنانی ئابووری سەرمایەداری تیایدا باڵادەست بووە. گەشەی پیشەسازی و مانیفاکتەر و کردنەوەی سەدەها کارگە و وەرشە و دامەزراندنی هەزاران کرێکار و کۆچی جووتیاران لەلادێوە بە شار و چەندین هەکاری تر بوونە هۆی خەمڵین و هاتنەمەیدانی چینێکی کۆمەڵایەتی (چینی کرێکار) کە ئەمڕۆ بەدەوری خۆی وایکرد مێژووی خەبات و تێکۆشانی چینایەتی لە عێراق پێ بخاتە نێو هەلومەرجێکی ئابووری تازە و ئاستێکی باڵاتر لەنمایشی چینایەتی. مێژووی خەباتی کرێکارانی عێراق، مێژوویەکە پڕ لە خەبات و قوربانی و فیداکاری لەپێناو ژیانێکی باشتر و داهاتوویەکی گەشتر. ئەم چینە کۆمەڵایەتییە وەکچۆن ئامراز و هەکارەکانی خەباتی چینایەتی خۆی هەبووە، وەکچۆن ڕابەرانی عەمەلی خۆی هەبووە، وەکچۆن حیزبی سیاسی و نەقابەکانی خۆی هەبووە، ئاواش ئەدەب و هونەری خۆی بەدەستەوە گرتووە و وەک چەکێکی کاریگەر لەپێناو وشیارکردنەوە و بردنەسەری ئاگایی سیاسی کرێکاران بەکاری هێناوە. هونەری شانۆ یەکێک بووە لەو هونەرانەی کە کرێکاران پێنایان بە بردووە و ویستوویانە لەو ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق دابنێن. ئەمە ئێگەرچی زانیاری پێویستمان سەبارەت بە سەرەتای دروستبوون و سەرهەڵدانی شانۆی کرێکاران لە عێراق، وەک بزووتنەوەیەکی هونەری چینایەتی لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەو زانیارییانەی بەردەستن بریتین لە زانیاری قۆناغێکی دیاریکراوی ئەو بزووتنەوە شانۆییە کە هاوتایە لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق. بۆیە لێرەدا سەرنجی خوێنەران ڕادەکێشم بۆ ئەوەی کەئەم نووسینە ڕووخێنەرەی ئەمە تایبەتە بەو قۆناغە مێژووییە دیاریکراوە، واتە ١٩٧٠ تا ١٩٨٥. زەمینەی سەرهەڵدانی شانۆی

کرێکاران لەم قۆناغە مێژوویی‌ەی عێراق دەگێڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:
یەک : سەرمایەداربوونی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئابووری لە عێراق کە چینێکی کۆمپرادۆری چەوسێنەر بەرژەوەندی دەبرد و حیزبی بەعسی تازە هاتووی سەرکاریش نوێنەرایەتی و پشتیوانی ئەو چینە ستەمکارەی دەکرد.
دوو : بوونی مێژوو و ئەزموونێکی خەباتکارانەی چینی کرێکاری عێراق و لەمەیدانبوونی ئەو چینە کۆمپرادۆرییە و خەبات و تێکۆشانی کۆمۆنیستی و سیاسی لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەتی خەیان.
سێ : نەخوێندەواری و دواکەوتوویی ئابووری و کۆمۆنیستی کرێکاران و خێڵکی ستەمدیدەی شارکانی عێراق کە شانە دێیتوانی وەکو ئامرازێکی هونەری کاریگەر ئیش لەسەر ئاگایی چینایەتی بکات.
چوار : باڵادەستی ئایدیۆلۆژی سۆشیالیستی یەکێتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات و کاریگەری ئەو ئایدیۆلۆژیە سۆشیالیستییە لەسەر جیهان و عێراق و هەورەها و دنە و سپارتی سیاسی حیزبی بەعس لۆژیر دروشمی بەناو سۆشیالیستە درێژنەکانی و هەورەها دنەی حیزبی شیوعی عێراقی کە ئەوکات ئەو دوو حیزبە لەگەڵ پانی سیاسی عێراق لەبەرێیکی سیاسیدا هاوپەیمانی یەکتر بوون.
پێنج : بوونی کادیری هونەری و نووسەری بواری شانۆ و ئامادەیان لەپێناو وەرخستنی بزووتنەوەیەکی شانۆیی کە گوزارشت بێت لە خەون و خولیای کرێکاران.
شەش : نەتوانینی گوزارشتکردن لە خەون و ئومێدیان بەشێوەیەکی باش لە کۆ و کۆمەڵ هونەریی و فەرهەنگییەکان و ئەو نەوێندانەی کەدبوو ئامادەیان تیایدا هەبێت، هەروەها دەرکەوتنی نیشانەکانی ناجیددیبوون لەسەر ڕووخساری بەشێک لەو بزووتنەوەیەی کە باوەڕی قووڵی نەبوو بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر تەنگوچەڵەمەکان.
سەرهەڵدانی شانۆی کرێکاران لە عێراق بەهۆی پێویستی خۆڕای گەیاندنی ئەو چەمک و پێوەرە مرۆیی و یاسا و هەسا نوێیانە بوو کە بە بەرژەوەندی چینی کرێکار دەرچوون، لەوانە مافی خانەنشینی کرێکاران، هێگاکانی دەزیندەوەی ئەو هۆکارانەی کە ئەرکیان پاراستنی سەلامەتی گشتی بوو، باشترکردنی هێگاکانی بەرهەمهێنان لەڕووی چەندایەتی و چەنایەتی، بەیە پێویست بوو میدیا بگشتی و میدیای چینی کرێکار بتایبەتی، جێگەی خەیان بگرن لە پرۆسەی کارلێککردن لەگەڵ پشکێوتنە مەدەرنەکان و تەکنەلۆژیای ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و باشترکردنیان لە ژیانی چینی کرێکار. (١) دەخی سیاسی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بەهموو جۆرێک لەڕەی سەرکووتی سیاسییەوە بەهیچ جۆرێک بواری بە گۆشە و ئەدەب و هونەری کرێکاران

نەداوە. بەتام لە ساڵی ١٩٥٨ بەدواوە، هەلومەرجی سیاسی گشتی و جڕەک لە ئازادی و پشتیوانی ئەدەب و هونەری کرێکاریی هاتە ئاراوە. نەقابە کرێکارییەکان دامەزران و زۆربەی نەقابەکانیش لێژنەی بەشنبیری و هونەریان هەبوو و ئەو نەقابە کرێکارییانەش هانی کرێکاران و هونەرمەندانیان دەدا تیپی شانۆیی دامەزرێنن. بەمجۆرە لەنێو هەناوی ئاگایی چینایەتی کۆمەڵگەی عێراق، کرێکاران دەستدەبەن بە چەکێکی هونەری کاریگەر، ئاوێش پێکهێنان و دروستکردنی تیپی هونەری شانۆی کرێکارییە. ئاوەدانوە لەم بزاڤە هونەرییە کە بەداخەوە بەختەی ئەدەبی کوردی ئاگایەکی لێی نییە، جگە بەختەی تووند و نیگەرانی مەعریفییە. ئاوگڕکانی دنیا و عێراق و کوردستان لەم چەند دەیەی ڕابردوو، بە کۆمەڵێک هۆکار کە ئێرە جگە باسکردنیان نییە،دەرخەیان خولقاندووە کەوای کردووە بەختەی ئەدەبی کوردی نەتوانێت یان نەیەوێت ئاورێک لەم مەسەلە گرنگە بداتەوە.

شوناسی شانۆی کرێکاران چییە؟

شانۆی کرێکاران؛ بەو شانۆیە دەوترێت کە باس لە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کرێکاران بکات و تیشک بخاتە سەر ئەو هەلومەرجە فۆلاکتبار و پڕ لەستەمەی ژیانی کرێکاران و ستەملێکراوانی ژێر چەوسانەوەی سیستەمی سەرمایەداری. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دۆقە شانۆییەکان زادەی شوناسی کارە هونەرییەکانە. ئەوە جیهەتگیری چینایەتی دۆقە شانۆییەکانە دەبێتە شوناسی چینایەتی دۆق، نێک پێودانگ و پێوانە شکڵییەکانی تری وەکو ناو و تایتلی کرێکاری یان ئاوەزی هونەرمەندەکان خەیان کرێکار بن. لەفەرهەنگی زاراوەی دراما و شانۆدا، شانۆی کرێکاران بریتییە لە چالاکی شانۆیی کە گوزارشت لە کێشەکانی چینی کرێکار دەکات لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری.(٢) ئەو دۆقە شانۆییە کرێکارییانەی کە بەزمانی عەرەبی دەنووسران و نمایش دەکران، لەسەر چەند تەوەرێک ئیشیان کردووە وەکو خەبات دژی ئیمپریالیزم و بەرجەستەکردنەوەی خەباتی گەلی فەلەستین و ڤێتنام تا دەگات بە کێشە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کرێکارانی عێراق کە هەندێکجار بەشێوازی کۆمیدی پێشکێشکراون. سەرجەم ئەو تەوەرانەی کارە شانۆییەکان وەک ناوەڕۆکێکی سیاسی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیستیدا پلینکراون بەناوەی سۆشیالیستیی بن. یان وردتر بەم بۆنەوەی نزیکایەتییان لەگەڵ مارکسیزمی شۆشگێردا هەبێت. لەوە شوناسی شانۆی کرێکاری فەرمێکی تر وەردەگرێت و دەکەوێتە بەر خوێندنەوەیەکی بەختەگرانەی ترەوە. بەختەی ئەدەبی و هونەری

مارکسیستیی دەتوانێت پێگیرانە گرفتی شوناسی شانۆی کرێکاران لە عێراق زانستییانە و بابەتییانە ببینێت و وەسەرنگاندنی خۆی لەبارەوە بکات. بەواتایەکی تر پێیامی هونەری شانۆی کرێکاران لەعێراق زیاتر ئابووری بووە و لەدووری کێشەکانی نەقابە و خانەنشینی و هەندێکجاریش یەکی ئایار و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ژنان، خوولاوەتەوە. دەسەڵاتی سەرکووتگەری بەعس لەعێراق ڕێگەی نەداوە بابەتە سیاسییە هەستیارەکان ببنە ناوەڕۆکی کارە شانۆییەکان.

کاروانی شانۆی کرێکاران لە عێراق

بەر لە سەرهەتا و دەستپێکی ئەو قۆناغە تایبەتییەی بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران ١٩٧٠ – ١٩٨٥، هەندێک چالاکیی هونەری لە ئاهەنگێ گشتییەکانی نەقابە و لە باخچەی یانەی هەندێک لەو نەقابانە، وەک نەقابەی میکانیک و نەقابەی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و نەقابەی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دەرکەوتن و هەندێک داهێنانی هونەری کرێکاران لە ڕێپەوان و کەرنەڤاڵەکاندا بینران وەک داهێنان لە دیزاین و دیکۆرات و پێکەری جوان و نیشاندانیان لەسەر ئەتەمبەلی بارهەڵگری درێژدا، کە دەستەنگینی هونەرمەندە نەقابەکانیان نیشان دەدا، ئەمجگە لەو دیمەنە شانۆیانەی کە لەسەر پشتی فلاتی بارهەڵگرەکان نمایش دەکران و هەروەها دەنگی تەپڵ لەدان و ڕیتمەکانی سەما و شمشاڵ لەدان و جووڵە کاریکاتێرییەکان کە لەلایەن هەندێک کرێکاری بەهرەمەندەوە ئەنجام دەدران کە لەئاهەنگی یەکی ئایار بەناوی چینی کرێکارەوە دروشمیان دەوتەوە و لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکران تا جەماوەرێی لە هەردوو دیوی شەقامەکانی بەغدا لەلایەک و خەڵکی عێراقیش لە قاوەخانە و ماڵەکانیاندا لەلایەکی ترەوە بیانبینن.(٣) بەڵام ئەمە بە سەرهەتای کاروانی شانۆی کرێکاران نایەتە ئەژمار. سەرهەتای ئەو کاروانە لەوەوە دەست پێدەکات کە کاتێک هەرێک لە جەلال ئیبراهیم و جاسم عەبودی لەکۆتایی دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە (معهد بغداد التجريبي للفنون المسرحية) لەشاری بەغدا ماڵی شانۆی کرێکاران دادەمەزرێنن، ئیتر لەوەڕا بیرکەی دامەزراندنی شانۆی کرێکاریی لەلایەن ئیبراهیم جەلالەوە پێشنیار دەکرێت دواتریش دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بیرکەی دروستکردنی ماڵی شانۆی کرێکاران و ئاستەنگەکانی

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا تیپێکی شانۆیی کرێکاریی پێکهێنرا کە ناوی (ماڵی شانۆی کرێکاران) بوو. ئەم تیپە وەک یەکەم

تیپی شانۆیی کرێکاران و یەکەم ئەزموون لە عێراق و جیهانی عەرەبیدا کە سەرجەم ئەندامەکانی کرێکار بوون و هونەرمەندی کۆچکردوو غازی ماجدی لەدەستەی دامەزرێنەرانی بوو و هەرخەیشی سەرپەرشتی دەکرد. زۆرێک لە هونەرمەندە بەهرەمەند و بەتواناکانی کرێکاران، ئەوانەی کە خاوەنی توانا و بەهرەی هونەری بوون لە بوارەکانی نواندن و لە تەکنیکە شانۆییە جیاوازەکاندا وەک هوونەکی یان هونەری دیکەر و دزاین یان دەنگ و مۆسیقا، پێویست بوون بەم ماڵە هونەرییەوە.

بیرەکەی دامەزراندنی شانۆی کرێکاران سەرەتا لەڕگەی ئەو دەستایەتییەی کە لەنەوان دەرهێنەری گەورەی شانۆ ئیبراهیم جەلال و غازی ماجیدا هەبوو، هاتە ئاراوە. ئیبراهیم جەلال بۆئامادەبوونی مامۆستا حەمید حەسانی بیرەکەی دامەزراندنی شانۆی کرێکاران بە غازی ماجدی پێشنیار دەکات و غازی ماجدیش بیرەکەکە پەسند دەکات. واتە خاوەنی بیرەکەکە دەرهێنەر ئیبراهیم جەلال بوو. بە تەماکردنی ئۆکتۆبەکان داوایان لە نەقابەکان کرد کە ئۆکتۆبەکان بنەرن بە کۆمیتەی پێشنبیری و ڕاگەیاندن لە یەکێتیی نەقابەکانی کرێکاران و یەکخستنیان لەیەک گروپ بە ناوی ماڵی شانۆی کرێکاران کە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لەخۆبگرێت. غازی ماجدی داوای لە ئەندامانی ماڵی شانۆی کرێکاران کرد کە ئۆکتۆری مەینەتیان بە پێدا بکەن، هەندێک خوشکەکانیان و هەندێکیش هاوسەرەکانیان و هەندێکیش کەسوکاریان هێنا. غازی ماجدی دەیویست خەزانێک پێکبهێنێت کە بڕاستی بتوانرێت ناوی شانۆ بڵێت. دەستی کرد بە ئامادەکردنی هونەرمەندان بە ڕاهێنانی نواندن.(٤) بەڵام نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کەماڵە ئاستەنگ لەبەردەم بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران لە عێراق هەبوون وەک :

یەک : ئاستی گۆشەی فەرهەنگی کەمەگەی عێراق لەو سەردەمە هێندە لەخوار بوو کە کەمەگە ناو و ناتۆرەی ناشیرینیان لە ئۆکتۆر و هونەرمەندەکان دەنا وەکو شایەر و دومبگچی.

دوو : نەبوونی ئۆکتۆری مە و کەمی ئامادەیی ژنان لەسەر تەختەی

شانۆ بەهۆی دواکەوتووویی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای عێراق.
سێ : نەبوونی هێزی پێویست و پێنا بردن بۆ باخچەی یانەی نەقابە کرێکارییەکان بۆ نمایشی شانۆگەرییەکان.
چوار : نەبوونی دیدگایەکی مارکسیستی شۆڕشگێڕانە لەجەرگەی ئەو بزووتنەوەیە و زاڵبوونی تەوانینی چینە غێرە کرێکارییەکان بەسەر ئەو بزووتنەوەیەدا.
پێنج : فراوانتربوونەوەی هێزموونی حیزبی بەعسی فاشیست بەسەر کار و چالاکی نەقابەکان و هێسوانیان. ئەم هێزموونە لەساڵی ۱۹۷۹ بەدواوە تەختر دەرکەوت.

بەرهەمە هونەرییەکانی بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران
قۆناغی یەکەم
قۆناغی یەکەمی بزووتنەوەی شانۆی کرێکاران بە شانۆنامەی (ایام العطالة) دەست پێدەکات کە لە نووسینی نووسەری عێراقی ئەدمۆن سەبری و دەرهێنانی جەزیف فارس و نواندنی هونەرمەندان مریەم فارس و سەناء سەلیم و سوبحی عەزاوی و عیماد بەدۆن و ئەوانی تر. هەورەها یەکەمین بەرهەمی ماڵی شانۆی کرێکارانیش، شانۆنامەی (البوابة) بوو کە لەنووسینی غازی مەجدی و دەرهێنانی هونەرمەند موحسین عەزاوی بوو و لەسەر شانۆی دامەزراوەی گشتی سینەما و شانۆ لە ۱۲ی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۹۷٤ نمایشکرا. پاشان شانۆگەری (رصیف الغضب) نووسینی سەباح عەتوان و دەرهێنانی وجیە عەبدولغەنی و پێشکەشکردنی نەقابەی کرێکارانی میکانیک لەسەر تەختەی شانۆی نەتەوەیی لە کەرادە مریەم نمایشکرا. هەروەها شانۆگەری (الدغش) نووسینی هەمزە زوبەیدی درهێنانی قاسم سوبحی و پێشکەشکردنی نەقابەی کرێکارانی خزمەتگوزارییەکان. ئینجا شانۆگەری (الاهثون) نووسینی سەباح عەتوان و دەرهێنانی عەبدوڵا جەواد و پێشکەشکردنی نەقابەی کرێکارانی کارەبا. دواتریش شانۆگەری (خان جغان) نووسین و دەرهێنانی جەزیف فارس و پێشکەشکردنی نەقابەی کرێکارانی پێست و چاپخانەکان و لەسەر تەختەی شانۆی نەتەوەیی لە کەرادە مریەم نمایشکرا. پاشانیش شانۆگەری (جوکر طایف) نووسینی عەبدولمونعیم جابر و دەرهێنانی وجیە عەبدولغەنی و لەسەر تەختەی شانۆی نەتەوەیی لە کەرادە مریەم نمایشکرا.

قۆناغی دووەم
لەم قۆناغەدا چەند کارێکی شانۆیی هاتنە نمایشکردن، کە ئەمانەن :
شانۆگەری (الغریب) ساڵی ۱۹۷۷ نووسینی مالەڵا فەرەج و دەرهێنای

جەزیف فارس لەسەر تەختەی شانۆی گەلەک نمایشکرا.
شانۆگەری (محاورات عمالية) ساڵی ١٩٧٨ نووسین و دەرهێنانی جەزیف فارس لەسەر تەختەی شانۆی پەیمانگای نەوتی حارسیەت نمایشکرا.
شانۆگەری (درس اضافي) ساڵی ١٩٧٩ لە نووسین و دەرهێنای تالیب عەبیعی.
شانۆگەری (لاتنظر من ثقب الباب) ساڵی ١٩٧٩ نووسینی بورهان بولبول و دەرهێنانی دکتەر عەونی کەرومی
شانۆگەری (رصيف الغضب) ساڵی ١٩٧٩ دوای دووبارە داشتنەوە و زیادکردنی دوو بەش بەی وەک بەرنامەی هاوبەشی یەکێتیی نقابەکانی کرێکارانی عێراق و یەکێتیی نقابەکانی کرێکارانی سوریا نمایشکرا. لە نووسینی سەباح عەتوان و دەرهێنانی وەجیە عەبدولغەنی و پشکێشکردنی نقابەی کرێکارانی میکانیک لەسەر تەختەی شانۆی نەتەوەیی لە کرادە مریەم نمایشکرا.()
هەروەها یەکەمین میهرجانی شانۆی کرێکاران کە سەرجەم تیپە شانۆییەکانی نقابەی کرێکارانی پارێزگاکانی بابل و دیالە و نەجەف و کەربەلا و کەرکووک و قادسیە و موسەنا و ئەنبار و هەولێر و موسڵ و بەسرە و بەغدا تیایدا بەشدار بوون کە لە پێنجی ئایاری ١٩٧٩ تا ٢٢ ی ئایاری هەمان ساڵ بەردەوام بوو.(٥)

شانۆی کرێکاران لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران(١٩٨١ – ١٩٨٥)
دەیەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەیەی زێڕینی شانۆی کرێکاران بوو لە عێراق. هونەرمەندە کرێکارییەکان توانیان لەگەڵ گەلەکەیان ئیش و بەرهەمی هونەرییەوە، بەشێک لە ژیان و خەون و ئومێدی کرێکاران بخەنە سەرشانۆ. بەڵام لە دەیەی هەشتاکاندا، واتە لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێران ئەو پەیوەندییە بەتەواوەتی کۆڕ دەبەتەوە و هونەرمەندە کرێکارییەکان یان دەبنە سەرباز و دەنێردرێنە بەرەکانی جەنگ و یانیش دەکرێنە (جەیشی شەعبی) و یانیش خەریکی کاروباری حیزبی بەعس دەبن. جەنگی عێراق و ئێران جەنگی کاولکاری و ماوەرانی بوو بە چینی کرێکاری عێراق. شانۆی کرێکاران لەسەرەتای

جەنگی نەگریسی عێراق و ئێران تووشی پاشەکشە و بێئومێد بوو تا لە لە ساڵی ١٩٨١ بەیاری یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی عێراق لەشاری بەغدا میهرجانی دووەمی شانۆی کرێکارانی لە دوو تا حەوتی ئایاری ١٩٨١ سازکرا، خشتەی نمایشکانی ئەم میهرجانە بەمجۆرە بوو:
ڕۆژی یەکەم : شانۆگەری (السواعد)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی شاری بەسرە، ئامادەکردنی عەلی ڕەحیمە و دەرهێنانی محەمەد وەهیب.
ڕۆژی دووەم : شانۆگەری (حکایة من مجالس الآیات)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی شاری ئەنبار ، ئامادەکردن و دەرهێنانی حامد خەڵەف ئەلخاتر.
ڕۆژی سێیەم : شانۆگەری (اللعبة)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی شاری بەغدا، نووسین و دەرهێنانی جەزیف فارس.
ڕۆژی چوارەم : شانۆگەری (الکرسي المتحرک)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی شاری سەلاحەدین، نووسین و دەرهێنانی جەواد موتشار.
ڕۆژی پێنجەم : شانۆگەری (ایار الدامي)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکارانی شاری سلێمانی، نووسینی تاهیر مەجید عەبدوڵا.
ڕۆژی شەشەم : شانۆگەری (الغارقون)، لەلایەن یەکێتیی نەقابەکانی کرێکاران، نووسینی سەباح عەتوان و دەرهێنانی جەزیف فارس.(٦)
ئیتر دوای ئەم میهرجانە، بزووتنەوەی بەناو شانۆی کرێکاران لەعێراق تووشی متبوون و ساردبوونەوە دەت. ئەم کاروانەی بەناو شانۆی کرێکارانەش بە نمایشی شانۆگەری (رحلة نعمان مع طج الخرسان) کە لەنووسینی مەهدی جەبار حەسەن و دەرهێنانی جەزیف فارس بوو، کۆتایی بە تەمەنی ئەم بزووتنەوەیە هات کە هەر لەسەرەتاوە حیزبی بەعسی فاشیست دەستی نابووە بیناقاقای و سەرەنجام بەتەواوی خنکاندی.(٧)

پوختەی باس
شانۆی کرێکاران لە عێراق زۆر لەپێش ئەو مێژووەوە لەدایکبووە کە هونەرمەندان و مێژوونووسان ئاماژەی پێدەدەن. ئەگەر هەنگاوە سەرەتاکانی ئەو کاروانەشمان لا ووون نەبێت، ئەوا لەدوای ساڵی ١٩٥٨ کە دەخی سیاسی عێراق ئاوگۆڕی بەسەردا هات، سەرەتاکانی شانۆی کرێکاریی لەگەڵی کەرنەڤاڵ و میهرجانکانەوە دەرکەوتن. بەڵام بیرکەی بنیادنانی شانۆی کرێکاران لە عێراقی دوای ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی دەیەی شەستکان و سەرەتای حەفتاکان لەسەر

دەستی نووسەر و دەرهێنەری شانۆیی ئیبراهیم جەلال پێشنیار کرا. ئەم بزووتنەوە شانۆیە لەگەڵ نەقابەکانی کرێکاران و پێشکەشکردنی دیان بەرهەمی شانۆیی کرێکاریی توانی تا ئاستێکی باش گۆشە بکات و ببێتە جێی سەرنجی بینەران و کرێکاران. مێژووی شانۆی کرێکاران، مێژووی نەقابەکانی کرێکارانی ژێر هێرمووونی حیزبی بەعسی عێراق، نێک لەکخراوە جەماوەری و پیشەییە سەربەخۆ و شۆڕشگێڕەکانی عێراق. ئامانجی سەرەکیش بردنەسەری ئاگایی کرێکاران نەبوو وەکو بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکو ئامانجی سیاسی بەعس لەم بزووتنەوەیە لایەکەوە خاپێکردنەوەی بزووتنەوەی کرێکاری بوو لەهەر کارێکی شۆڕشگێڕانە و لایەکی تریشەوە کەمکردنەوەی کاریگەری حزبی شیوعی عێراق و ئازیکردنی دژی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران بوو.

ئامادەکردن و وەرگێران لە عەرەبییەوە: عەبدوڵا سەلمان(مەشخەڵ)
کەنەدا / کۆتایی کانوونی دووەمی ۲۰۲۵

سەرچاوە و پەراوێزەکان :

(١)جوزيف فارس، اضواء على تجربة المسرح العمالي العراقي، موقع مجلة الفنون المسرحية، https://theaterars.blogspot.com/2020/09/blog-post_30.html

(٢)ياسر غريب، المسرح العمالي ،، ساحة المصنع خشبة، موقع العربي الجديد، ١ ايار، ٢٠١٥ https://www.alaraby.co.uk/

(٣)جوزيف فارس، اضواء على تجربة المسرح العمالي العراقي، موقع مجلة الفنون المسرحية، https://theaterars.blogspot.com/2020/09/blog-post_30.html

(٤) بشار طعمة، من ذاكرة المسرح العراقي، قصة المسرح العمالي،صفحة التواصل الاجتماعي فيسبوك. ١-١٠-٢٠١٢ https://www.facebook.com/story.php/?story_fbid=3458755660905395&id=78235770187

(٥)رسول سبهان،موقع مجلة الصدى الفصول، ادبية ثقافية، رئيس التحرير بتول الدليمي، شباط ٢٠١٤ http://saddaalf9ool.blogspot.com/2014/02/blog-post_3146.html

(٦)جوزيف فارس، اضواء على تجربة المسرح العمالي العراقي، موقع مجلة الفنون المسرحية، https://theaterars.blogspot.com/2020/09/blog-post_30.html

(٧)ئەم باسە زیاتر سەبارەت بەشانۆی کرێکارانی عێراق، لەم نووسەدا شانۆی کرێکاران لە کوردستانی عێراق دەبێتە بەشکی دانەبراو لەو مێژووە. ئەمە دەزانین لەم ماوەیەدا(١٩٧٠ –

١٩٨٥)لەنەو بزووتنەوەی شانەی کوردیدا، شانەی کرێکاران بوونی هەبووە و کەم تا زۆر ڕۆڵی مەزووبی خۆی گێراوە. شانەگێری مانگرتن نموونەیەکی دیاری ئەو بزاوتە شانەیییە کوردییەیە. بەڵام لەبەر لەبەردەستدا نەبوونی سەرچاوەی پێویست، بەداخەوە نەمتوانی وەک پێویست ئاوڕێک لەو بزاوتە شانەییە بدەمەوە.